ستاتیكا



# هونەرمەند و دامەزراوەی هونەریی

گۆشەیەكی هونەرییە دیاری قەرەداغی دەینووسێت

● گەر تەماشای هونەری ئەم میللەتە بكەیت هەمیشە راستییەك رۆشن و حاشا هەڵنەگرە ئەویش ئەوەیە كە مۆئەسەساتی هونەریی لەم دەڤەرە زیاترە لە حەجمی چالاكی هونەری، كەسانی ئیداریش بۆ كاروباری هونەری زۆرترن لە خودی هونەرمەند، خۆ ئەگەر زۆرتریش نەبن ئەوا گرنگی پێدراوترن لە خودی كەسی داهێنەر كە هونەرمەندەكەیە، كەمجار هەڵكەوتووە ئەم پۆستانە بۆ خودی كەسەكە قۆرخ نەكرێت، كەمجار بووە بەرژەوەندی گشتی خرابێتە پێش بەرژەوەندییە تایبەتییەكان. جاكێشەی لەمە گەورەتر ئەوەیە كە هەتا كەسێكی ئیداری دانراوی نێو بوارە هونەرییەكە ناوی چوار هونەرمەند فێر دەبێت و لە كەمێكی كێشەكانیان تێدەگات تەماشا دەكەیت لە پۆستەكەی لابراوە، بوارەكەش كە بواری هونەرییە خۆی بوارێكی زۆر بە گلەییە، هەزار ئیشی جوان ببینرێ و ببیسترێ، باسكردنیان دەبێتە شەرم و جۆرێك لە هەڵە تێگەیشتن و تەفسیرێك بۆ ماستاو ساركردنەوە لەلای رای گشتی، بە پێچەوانەوەشەوە سروشتەكەمان وای لێهاتووە كەلە بچوكترین شت تا گەورەترین رووداو (لە بوارە هونەرییەكە) ئامادەین بیكەینە مقۆمقۆو گلەییكردن كەئەمەش جێی خۆی دەبوو گەر گلەییەكان لە جێگای خۆیاندا بوونایە بەلاّم زۆربەیان كە دەیانبینین و دەیانبیستین زۆر كرچوكاڵانە باسدەكرێن و دەخرێنەڕوو، بۆ نمونە كە رەخنە دەگیرێت لە رێزلێنان نایەن پێمان بڵێن ئەم پرۆسەی رێزلێنانە هەڵەكەی و كەموكورییەكەی لەكوێ و لە چیدایە، بەڵكو دێن و دەڵێن بۆ فلاّنی تیایە و ئێمەشی تیا نین یان حەقەكەی ئێمە بۆ كەمترە لە فلاّن وفیسار؟ كەواتە ئاماژەكە بۆ ئەوەیە كە ئەو لەگەڵ پرۆسەكەدایە بەو مەرجەی رێزلێنان ئەویش بگرێتەوە، بەلاّم دژیەتی و دنیات لێدەكات بە گەندەڵ و جاهل ئەگەر ئەوی تیا نەبێت، من هەوڵدەدەم لەم نووسینەمدا ئاماژە بۆ هەردوو بەرەكە بكەم كە بەداخەوە خۆیان ناویان لێناوە دوو بەرە كە لە راستیدا تەواو هاوشێوەی یەكن، بەرەی هونەرمەند و بەرە ئیدارییەكانی دەسەلاّتە هونەرییەكانی مۆئەسەساتە حیزبی وحكومییەكان..

گەر بە هەڵەدا نەچوبێتم ئەمڕۆ ساڵێك زیاتر تێپەڕیوە بەسەر رێزلێنانی ژمارەیەكی زۆر لە هونەرمەندانی كوردستان لەلایەن سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە بە خۆشمەوە ناوی هەموویانم لایە لە سەرسپیەكانمانەوە تا دەگاتە بەچكە تازە پێگەیشتووەكان كە بەشێوەیەكی رەسمی و لەگەڵ نووسراوێكی جوان بۆ هەڵواسین وەك شەهادەیەكی تەقدیری بەخشرایە هونەرمەندان، كەچی تا ئەم ساتە یەك كەس لە راگەیاندنەكانەوە نە تیشكی خستە سەر ئەمەو نەكەس باسیكردو نە دەستخۆشییەكی ئاشكراش بۆ خاوەن بیرۆكەكەو جێگاكە هات. لەگەڵ ئەوەی من وەلاّمی زۆربەی ئەو برادەرانەم لەبەرە كە دەڵێن:"ئەوە حەقی خۆمانەو بچوكترین ئەركی حكومەتە لە میحنەتی هونەرمەندانداندا".

كە پێموانییە منیش ئەم قسانە نەزانم و نەمكردبێت، بەلاّم بۆ دەبێت هەموو شتێك سووك و سانا بكەین بۆ دەبێت باسكردن لەمە شورەییەك بێت ؟ بۆچی كارێكی جوان و دڵسۆزانەی هاوڕێیەكی خۆمان لە پۆستێكدا بچوك بكەینەوە بۆ ئەو وتە زایەی " جا ئیشی خۆیەتی" كەچی لەیەك قاچ دانانیدا كە بە دڵی ئێمە نەبوو ئیتر بكرێتە قیامەت لێی.

ئەم وتارەش دوورە لەموجامەلەكردنی دەسەلاّت و تاقەتیشم لێی نییەو لەچاو زۆرێكیش لە هونەرمەندە رەخنەگرە چاو تیژەكانی ئەم ولاّتەش كەمترین مافم بۆ دەستەبەر كراوەو زۆر هەلی گەورەشم بۆ خولڨاوە كە بە سەلامێكی جوان ویادەورییەكی شیرین لێی دەرچوم . "**نحن نعیب علی الآخرین أنهم یرتكبون نفس أخگائنا** " ئەمەش ئەوە نیشاندەدات كە باوەڕمان لەق بووە بەوەی سینە رەق دەكات و قسەی زل دەكات و رەخنەی توند دەگرێت بەلاّم گەر خۆشی لە پۆستێكدا بینییەوە گرنتی ئەوە نییە كە بتوانێت شتێك لەوە باشتر بكات.

ئەوشی بۆتە دیاردە مەسەلەی نووسینە لەسەر هەموو شت، جارێكیان برادەرێك هاتە لام و زۆرێك قسەمان كرد لەمەڕ مەسەلە هونەرییەكان و گرفتە ئەزەلییەكانی هونەری كوردی كە من بە نەخۆشیی (موزمین) ناویان دەبەم، ئەوەی جێگای باسەو تووشی شۆكی كردم هەرچییەكم دەوت راستەوخۆ برادەرە گوێگرەكەمان دەیوت" ئەڵڵا، ئەمە بابەتێكی نووسینی ئەمشەوم دەبێت".

من كێشەم لەگەڵ ئەوەدا نییە ئەو بنووسێت یان نا، بەڵكو دەمەوێت قسە لەسەر ئەوە بكەم كە ئێمە بۆ دەبێت هەمیشە لە بۆسەدا بین بۆ چالاكییەك كە ئەنجامەدرێت بۆ ئەوەی لە نزیكترین فرسەتدا قسەی لەسەر بكەین، بەداخیشەوە نووسینەكان جۆرە مۆدێلێكی هاوچەشنن لە رەخنە كە لەكۆتاییدا ناتوانین لە خاوەن قەڵەمەكە بگەین كە چی دەوێت و رەخنەكەی چییە؟ ئامانج لە كوێدایەو چ ئامۆژگاریو پێشنیارێكی تازە دەخولڨێنێت و راستەوخۆ ئاراستەی كێی دەكات؟ ئێمە راڤەیەكی سەیرمان هەیە بۆ نمایشكردنی جورئەت، كەپێمانوایە جورئەت تەنها (ئەڵێم تەنها )قسەیە، كە باشتر بوو كەمێك لەگەڵ قسەكردندا رەفتارو كردەوەش هەبوایە، بۆ نمونە كەسێك لە ناو دنیای هونەردا با هەموو دنیاش بكاتە قسەو رەخنە بەلاّم كە خودی خۆی یەك بەرهەمی داهێنەرانەی نەبوو و هیچ چالاكییەكی بەرچاوی نەبوو ئەو كات قسەكانی درەنگتر لێوەردەگیرێت.

من هەمیشە لەگەڵ ئەوەدابووم كە دەسەلاّت كەمترین بایەخی بۆ دنیای هونەر هەیە، تاكە ئاوڕدانەوەشی لە هونەرمەند پێدانی پارەیە، كە چەند سوودبەخش بووە ئەوندەش قەیرانی لە دوای خۆی جێهێشتووە، بەلاّم بۆچی دەسەلاّت ئاوا كەم زانیارییە لە سەر جیهانە فراوانەكەی هونەر؟ ئەمەیان بۆخۆی پرسیارێكی جەوهەرییە كە تەنها وەلاّمەكەی بەمن دەستبەر ناكرێت و پێویستی بە دەیان دەنگی ترو وەلاّمی بەجورئەتترە كە ئازایانە و بێ تەشەنوج بكرێت و بنووسرێت.